# ژنی کورد و ئینتێرسێکشناڵیتی

چنوور فەتحی



٣١ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ توێژینەوە

## پوختە

ئینتێرسێکشناڵیتی یەک لە چەمکە کلیدییە فێمینیستییەکانە کە بۆ ڕوونکردنەوەی فرەڕەهەندی و چەند لایەنەبوونی ئەو جیاوازییانەی دەستکردی کۆمەڵگان، دەخرێتە بەرکار. هەرچەندە ئەم زاراوە بەرهەمی کار و چالاکیی فێمینیستە ڕەشپێستەکانی دەیەی ١٩٧٠ی زایینییە، بەڵام ئاماژە بە بابەتێک دەکات کە بۆ چەندین و چەند دەیە و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە ڕیزی پێشەوەی خەباتە جیهانییە فێمینیستییەکاندا بووە. پرسیار سەبارەت بەوەی کە چۆن دەبێ بونیادی ژیانی مرۆڤ بەپێی نیژاد، ڕەگەز، سێکسواڵیتی، چین، توانایی

(جەستەیی و زەینی) و هتد دەرک بکەین، و پرۆژە سیاسییەکانمان چۆناوچۆن وەڵامی ڕەنگاڵەیی و پرێەژماریی ئەم فاکتەرانە لە واقیعی ژیاندا دەدەنەوە، تەوەری سەرەکیی ئینتێرسێکشناڵیتی پێک دێنێت. چەمکی ئینتێرسێکشناڵیتی یەک لەو وەڵامانەیە کە دەکرێ بەم پرسیارە بدرێتەوە. سەردێڕە سەرەکییەکانی تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی و پەرژانە سەر ئەزموونی ژنانی کەمینە لە هەموو شوێنێکی جیهان، لە هەموو ڕوویەکەوە دەتوانێ بۆ تێگەیشتنی دروستمان لە کەمینەبوون و کەوتنە بەر چەندین و چەند جۆر ستەمی یەکتربڕی ئەو ژنانەی لە دۆخێکی هاوشێوەدان، یارمەتیدەر بێت. ئەم وتارە بە ئامانجی ناساندنی کەپاسیتی و توانستی ئەم ڕووکردە تیۆریکە بە نیسبەت "ژنی کورد"ەوە هاتووەتە نووسین و دەیهەوێ بە پەرژانە سەر ئەزموونەکانی ژنی کورد، وەک کەمینە لەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، ڕێگایەکی تازە بۆ دەرکی باشتری پێگەی کەمینەبوون و ئەو ستەمە دووقاتەی بەسەریاندا دەسەپێت، دەستنیشان بکات و توێژەرانی ئاقاری ڕەگەز و جێندەر بانگهێشتی ئەم هەوڵە زەرووره بکات.

## پێشەکی

ئینتێرسێکشناڵیتی (Intersectionality) یان تێکچڕژاوی و لێکئاڵاوی، چوارچێوەیەکی ڕاڤەییە بۆ ناساندنی سیستەمە لێکئاڵاوەکانی دەسەڵات کە زیاتر لە هەمووان کاریگەری لەسەر ئەو کەسانە دادەنێن کە بەرەو پەراوێزەکانی کۆمەڵگا پاڵنراون. ئینتێرسێکشناڵیتی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوە کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە چین، تەمەن، سێکسواڵیتی، ئایین، ئایینزا، ئەتنیسیتی و ڕەگەز جیا لە یەکدی بوونیان نییە، بەڵکوو لێکئاڵاون و یەکێکن. ئەم تیۆرییە کە لەژێر ناوی بزووتنەوەی دژ بە سەرکوتی ژنانی ڕەنگینپێست لە کۆمەڵگادا دەستی پێ کرد، ئەوڕۆکە ڕەوتێکی ڕاڤەییە کە دەکرێ بڵێین بۆ سەرپاکی دەستەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە شوناسە کۆمەڵایەتییەکان کە بەزۆری کاتێک سەربەخۆ لەبەرچاو دەگیرێن، بە شێوەی زاڵ بەدی دەکرێن، دەگشتێندرێ.

خوازەی چوارڕێیان یان خاڵی یەکتربڕ (Intersection) یەکەمجار لەلایەن کیمبرلی ڤیلیامز کرێنشاو، فێمینیستی ڕەشپێستەوە بۆ بەیانی ئەندێشەیەک خرایە بەرکار بریتی لەوەی کە شێواز و جۆرە جیاجیاکانی هەڵاواردن تێکچڕژاو و لێکئاڵاون. بەم پێیە ئاڵۆزیی ستەمەکان بەتایبەت بە نیسبەت کەسانێکەوە کە بە چەندین شێوە بندەستیی ئەزموون دەکەن، دەبێ ڕەچاو

بکرێـت. ئەو دەڵێ: "هەڵاواردن وەک هــاتوچۆ لە چوارڕێیــانێکـدا، ڕەنگە لە لایەکەوە بێت یاخود لە ســایدەکانی دیکەشــەوە. گەر ڕووداوێک لە ســایدێکدا ڕوو بدات، ڕێی تێدەچێت کە هۆکار و سەبەبکاری ئەو پێکدادانە، ئۆتۆمبیلەکانی هەریەک لە ســــایدەکـان یـان هەموو ســــایـدەکـان بن… بەڵام هەمیشــــە دەستنیشانکردنی ئەوە ئاسان نییە.

تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی لەسەر ئەزموونی ژنانی ئەفریقی – ئەمریکی بەهۆی بوونیان لە خاڵی یەکتربڕی لانی کەم دوو سیستەمی دەسەڵاتدار و زاڵی ڕەگەز و نیژاددا، بیچمی گرتووە. هــاوکــات ئەم تیۆرییە بە دوورەپەرێزی لە میحوەرییەتی ڕەهای نیژادپەرەســتی و پیاوســالاری، بەگشــتی یەکتربڕبوونی ســـیســـتەمەکانی دەســـەڵات و زاڵێتی تاوتوێ دەکات. ئەوەی لە دەقەکانی ئینتێرسـێکشـناڵیتیدا سـەبارەت بە شـێوازەکانی بندەسـتی لەبەرچاو دەگیرێت، زۆربەی جاران بندەستیی ڕەگەزی، نیژادی و چینایەتییە. هەروەها سێکسواڵیتە وەک فاکتەرێکی دیکە ئامادەیە. نەتەوە و ئەتنیسـتی و جیهانی سـێهەم بوون و کۆچبەری لەبەر ئەوەی لەگەڵ نیژاددا نزیکایەتییان هەیە، لەوانەیە بەپێی پێگە تایبەتییەکان لێک بدرێنەوە. هەندێجاریش ئاماژە بە چەند بابەتێکی دیکەی وەک ئایین و ئایینزا و تەمەن و تەندرووســـتی/خاوەن پێداویســـتی تایبەتبوونیش دەدرێت. بەڵام دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیریەت کە ئینتەرسێکشناڵیتی نەک وەک فرەچەشـنییەکی بێکۆتا لە "دەسـتەبەندییەکانی شـوناسـی تاکەکەسـی" بەڵکوو وەک "زنجیرەپلەییە کۆمەڵایەتییەکان" بابەتێتیی بەم فاکتەرانە دەدات.[1]

ئینتێرســێکشــناڵیتی لە ئێســتادا بووە بە کەرســتەیەکی ڕاڤەیی کە توێژەرانی فێمینیست و دژ بە ڕەگەزپەرەستی بۆ داڕشتنی تیۆریی پێوەندیدار بە شوناس و ستەم و هەروەها بۆ بەبینراوکردنی ئەزموونە فرەجۆرەکانی بندەستی کەڵکی لێوەردەگرن. ئەم چەمکە هەروەها ڕەگی لە فێمینیزمی ڕەشــــدایە و ڕووکردی ڕەخنەگرانەی نیژادیی لەگەڵـدایە. لێزلی مەک کاڵ، ئینتێرســــێکشــــناڵیتی بە "گرنگترین پشـــکی تیۆریک" دەزانێت کە لێکۆڵینەوەکـانی ژنـان (Women Study) لە پێوەندی لەگەڵ بوارە پێوەندیدارەکاندا تا ئێستا بەڕێوەی بردووە.[2] لە ڕاســتیدا زۆرێک لە فێمینیســتەکان ئەم چەمکەیان بەکار هێناوە و پەرەیان داوە. گەرچی هەموویان لە شـــیکردنەوەکانیاندا لە ســـەری چڕ نەبوونەتەوە. ئینتێرسـێکشـناڵیتی لە بەش و لقەکانی پەیوەسـت بە ژناندا پەرەی سـەندووە و

---

[1] Collins, Patricia Hill. Black feminist thought: Knowledge, consciousness, and the politics of empowerment. routledge, 2002

[2] McCall, Leslie. «The complexity of intersectionality.» Signs: Journal of women in culture and society 30, no. 3 (2005): 1771-1800. 1771

هەروەها لە ئاستی ئاکادمیکیشدا لە بەشەکانی دیکە و لە کۆمەڵێک بواری وەک پەروەردە، ئەنترۆپۆلۆژیا، لێکدانەوەی کولتووری، ئەتنیسیتی، لێکدانەوەی وڵاتانی ناڕۆژئاوایی، ڕەگەزپەرەستی و لێکدانەوەی نێونەتەوەیی وەکی تر هەم لە ئاستی میتۆدۆلۆژیکی و هەم لە ئاستی تیۆریکدا کاریگەری هەبووە. لەم ناوەدا، پۆست مۆدێرنیستەکان و پۆست سترەکچراڵیستەکان بە شێوەیەکی تایبەت هۆگری ئەم تەوەرە بوون و لە گەشە و پەرەیدا دەوریان هەبووە. بەم چەشنە ئینتێرسێکشناڵیتی هەنووکە مۆدێلێکی بەرچاو و دیاری فێمینیستییە بە پانتاییەکی بەرینی نێوان‌دەقییەوە کە بەردەوام لەگەڵ پاڕادۆکس، نائامادەیی و کەموکوڕییەکانی بەرەوڕوو دەبێتەوە. دڵخوازبوونی ئەم چەمکە هەم لەسەر ئاستی تیۆریک و هەم لەسەر ئاستی سیاسی لەنێو زانکۆییەکان و ئەکتیڤیستە ناسپیپێستەکان و چالاکانێک بە شوناسی پەڕاوێزییەوە بەرچاو و دیارە.

لە ئاستی تیۆریی سیاسیدا، ئامانجی ئینتێرسێکشناڵیتی یەکەم هەنگاو دابڕان لە چەشنێک لە فێمینیزمی سپیی زاڵ و باو بوو کە نوێنەرەکانی بەزۆری لیبڕاڵ و نوخبە بوون. سەرچاوەی زاراوەی ئینتێرسێکشناڵیتی بۆ نەریتی ڕەخنەگرانەی فێمینیزمی ڕەش و هەروەها بزووتنەوە فێمینیستییە فرەنیژادییەکان لە دەیەکانی ١٩٦٠-١٩٧٠ دەگەڕێتەوە کە لەو کاتەدا فێمینیستەکان هەوڵیان دەدا نیشانی بدەن کە چۆن پێگەی بندەستی ژنێکی ڕەش‌پێست وێڕای شوناسی ژن‌بوون و ڕەش‌بوونی بە شێوەیەکی تێکچڕژاو لێک‌ئاڵاوە. بە جۆرێک کە تێگەیشتن لەم دووانە جیا لە یەکدی مومکین نییە.

کەوابوو ئەوان بەرەنگاریی ئەم ئایدیا بوونەوە کە ڕەگەز گرنگترین یان تەنها فاکتەری دیاریکەری چارەنووسی مرۆڤە. بەڵام ئینتێرسێکشناڵیتی هاوکات میتۆد و خواست و چەشنێ کەرستەی داهێنەرانە و ڕاڤەییشە کە بەنیازە نیشانی بدات شێوازەکانی ستەم/سەرکوت و چەندین دەستەبەندیی وەک ڕەگەز، نیژاد، چین، کۆچبەری، سێکسوالێتی و تەنانەت خاوەن‌پێداویستیی تایبەت‌بوون و ڕەهەندەکانی دیکەی شوناس وەک بەرهەمی بونیادی کۆمەڵایەتی، هاوکات لە پێوەندیی ناڤۆکیی چەندلایەنەدان و لە بیچمگرتن و بەرهەمهێنانەوەی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و نایەکسانییە سیستەماتیکە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆڵ دەگێڕن.

سەرباری ئەوەی کە زیاتر لە سێ دەیە بەسەر سەرهەڵدانی ئەم تەوەرە لە ئاقاری زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا تێدەپەڕێ و گەلێک کتێب و نووسین لە بارەیەوە بە زمانە جۆراوجۆرەکانی جیهان هاتووەتە نووسین و بڵاوکردنەوە،

بەڵام لای ئێمەی کورد و بە زمانی کوردی جگە لە چەند هەوڵێکی کەم و ئاستەنگ شتێکی ئەوتۆ بەدی ناکرێت. ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لە ئاقاری لێکدانەوەکانی ڕەگەز و جێندەر بە زمانی کوردی بێ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکات کە هەموو تەوەرە پێوەندیدارەکان یاخود ئەو ڕەخنانەی سەبارەت بەم تیۆرییە لەئارادان، دەگرێتەوە. سەرەتا سەرچاوە مێژووییەکانی ئینتێرسێکشناڵیتی لێک دەدەینەوە و دوای ناساندنی نوێنەرە سەرەکییەکانی ئەم تیۆرییە، پاڕامیترە سەرەکییەکانی دەخەینە بەرباس و لە کۆتاییدا بە ڕوانینێکی لۆکاڵییەوە کەپاسیتی و خاڵە هێزەکییەکانی ئەم بابەتە بۆ توێژەرانی بواری ژنان لەناو کوردیشدا لێک دەدەینەوە. ئەم ڕووکردە بە زۆریی بۆ وەسف و لێکدانەوەی شێوازە فرەچەشنەکانی ستەم کە یەکانگیرن، دەخرێتە بەرکار. لەو ڕووەوە کە ژنی کورد ئەزموونێکی تاک و تایبەتی لە ستەم و بەربەستە جۆراوجۆرەکان هەیە، دەکرێ پێویستیی "ئینتەرسێکشناڵ بوون" ببێتە گوزارەیەکی باو و ناسراو کە لە بزووتنەوە پێوەندیدارەکاندا کاری پێ بکرێت و ئەمە بەو مانایە کە هەر خەباتێکی دیاریکراو لە باتیی چڕبوونەوە لەسەر گرووپ یان ستەمێکی دیاریکراو، دەبێ نوێنەر و لەخۆگری ئەو کەسانە بێت کە ستەمە یەکانگیرەکان ئەزموون دەکەن.

## سەرچاوە مێژووییەکانی ئینتەرسێکشنالیتی

"شەپۆلی یەکەمی فێمینیزم" دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەم بە هەوڵدان بۆ بەیاساییکردنی مافی دەنگدان بۆ ژنان دەهاتە ناسین کە بە دانی مافی دەنگدان بە ژنان لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمریکا گەیشتە تەشقی خۆی و لە وڵاتانی دیکەدا بە مەودای زەمەنیی جیاجیاوە، کەم تا زۆر بەدواداچوونی بۆ دەکرا. نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەم، دوای دوو ڕووداوی گرنگی جەنگی جیهانیی دووهەم و مەی ٦٨ی فەڕەنسا، دوو بەرهەمی کاریگەری "**ڕەگەزی دووهەم**"ی سیمۆن دو بۆڤوار و "**ڕاز و ڕەمزی ژنانە**"ی بێتی فریدان، بە شێوەیەکی سەیر بۆ ڕەوتە جۆراوجۆرە فێمینیستییەکانی ناسراو بە "شەپۆلی دووهەمی فێمینیزم" ئیلهامبەخش بوون. ڕەوتێک کە خوازیاری ئامادەیی و بەشداریی زیاتری ژنان لە پانتاییی گشتی و ئابووریدا بوو. سیمۆن دو بۆڤوار لە کتێبی ڕەگەزی دووهەمدا دەپەرژێتە سەر دەوری کولتووری زاڵ، کە بەردەوام هاوئاسۆی بەرژەوەندیی هێزە ئابوورییە دەسەڵاتدارەکانی کۆمەڵگایە لە بیچمدان بە ڕەگەزی بندەستی ژنانە و ڕەگەزی باڵادەستی پیاوانەدا و جەخت

له گرنگیی شــێوەڕێژبوونی شــوناســی تاکتەوەری ژنانە بۆ ڕزگاربوون لە بندەستی دەکاتەوە. بێتی فریدانیش وەکی تر لە کتێبەکەیدا لەسەر بەرەیەک لە ژنان واتا ژنانی کابانی ئەمریکی چڕ بووبووە بۆ ئەوەی ئەم کلێشە باوە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە "ژنانی کابان لەوەی کە خزمەتی خێزانەکانیان دەکەن ڕازی و دڵخۆشــن". ئەو دەریخســتووە کە چۆن ژنان ســەرەڕای بەهرەمەندبوون لە خوێندنی باڵا، زۆربەیان لە چەشنێک لە بێزاری و بێهیوایی هەمیشەییدا بەسەر دەبەن و لێرەوە بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ هانی دەدان. دواتر ئەم کتێبە بەهۆی گرنگیدانی لە ڕادەبەدەری بە بەردەنگی خوێندەواری سپیپێستی سەر بە چینی مامناوەندی ئەمریکی، لەلایەن فێمینیســتە ڕەشپێســتەکانی بڕوادار بە یەکتربڕبوونی ستەم، لەوانە ئەنجێلا دیویز و کرێنشاو بە شێوەیەکی جیددیی درایە بەر ڕەخنە. ئەم ناوانە کە دواتر وەک نوێنەرانی سەرەکیی نەریتی فیکریی "ئینتێرسێکشناڵیتی" ناسران، هاوڕێ لەگەڵ هاوخەباتە فێمینیستەکانی دیکەیان، ڕەخنەگرتن لە فێمینیزمی شەپۆلی دووهەمیان کردە خاڵی دەستپێکی بزووتنی فیکری – ســیاســیی خۆیان بەرەو ڕێبازێکی نوێ، بە مەبەســتی ناســین و دیاریکردنی گرووپ و بەرەیەکی نەبینراوکراو، واتا ژنانی پەڕاوێزی، کە بەزۆری بریتی بوون لە ژنانی ڕەنگینپێســتی چینی کرێکاری پەراوێزنشــینی شاری لە ئەمریکا.

کەوابوو، ئینتێرسێکشناڵیتی، کە زۆرکەس بە بوارڕەخسێنی شەپۆلی سێهەمی فێمینیزمی دەزانن، بە پلەی یەکەم کاردانەوەیەک بوو بەرانبەر بە پاوانخوازیی شــەپۆلی دووهەم کە دواتر ڕەخنەگران ناوی "فێمینیزمی ســپیپێســت"یان لێنا بەو مانا کە ئەو فێمینیزمە بە ڕادەی پێویســـت پەرگیر نەبووە و نەیتوانیوە خواســت و ئەزموونەکانی ژنانی ڕەنگین یان ڕەشپێســت یان ژنانی ســەر بە چینی خواری کۆمەڵگا بگریتەخۆ. ڕەخنەگران لایان وایە فێمینیزمی شـــەپۆلی دووهەم لە ســـەر دەســـتی ژنانی ســـپیپێســـتی بەزۆری چینی مامناوەندی خوێندەوار داڕێژراوە و هەروەها هەمیشە لە خزمەتی ئەواندا بووە. بەم چەشنە ئەزموونی بەرەیەک لە ژنانی باڵای کۆمەڵگا وەک ئەزموونی هەموو ژنان هاتووەتە ناســین و پەســەند کراوە. لەم قۆناغەدا، فێمینیســتە ســپییەکان بە پشــتبەســتن بە ئایدیای خوشــکایەتیی فێمینیســـتی و داکۆکیکردن لە ویکچووییەکانی ژنان بۆ تێگەیشــتنیان لە بابەتی ڕەگەز، ســەبارەت بەو جیاوازییانەی لە ناوخۆی ژنان خۆیاندا بە هۆی شوناسی فرەچەشنی نیژادی و ئاخێزگەی چینایەتیی جۆراوجۆرەوە لەئارادا بوو و دەبووە هۆی شــێوەڕێژبوونی پێوەندیی وەســتاو لەســەر دەســەڵات لەناو ژنان خۆیاندا، خەمســارد و بێهەڵوێســت بوون. ئەم ڕووکردە یەکدەســتە، ســەبارەت بە

جیاوەک و بەهرەمەندییەکانی بەرەیەکی تایبەت لە ژنانی زاڵ و خاوەن دەسەڵات لە چاو ژنانی پەراوێزخراو و کەمیینە هیچ ناڵێت. کریشناو سەبارەت بە لێدوانی بەناوبانگی فیمینیستی ڕەشپێست واتا "سوجورنەر ترۆس" بە ناوی "**مەگەر ئێمە ژن نین**؟" دەنووسێت: "کاتێک کە ترۆس دەستی بە قسەکردن کرد، ژمارەیەک لە ژنانی سپیپێست ویستیان بێدەنگی بکەن چون دەترسان وتەکانی ئەو سەرنجەکان لەسەر گرنگیدان بە مافی دەنگدانی ژنان بگوازێتەوە بۆ ڕزگاریی ژنان."[3] ئەم نموونە بە باشی خواستی سڕینەوە و ڕوانینی تاکڕەهەندی نوێنەرانی شەپۆلی دووهەمی فیمینیزم دەخاتە ڕوو. ئینتێرسێکشناڵیتی وەک ڕوانینێکی نوێ نیشانی داوە کە ئەگەری ئەوە هەیە ژنانی ڕەش یان ڕەنگینپێست نەک تەنها لەلایەن پیاوانی ڕەش یان ڕەنگینپێستەوە بەڵکوو لەسەر دەستی ژنانی سپیپێستیشەوە سەرکوت بکرێن و هاوکات جیهانگری یان زاتگەرایەنەبوونی چەمکی ڕەزگەی ژنانە بخەنە ژێر پرسیارەوە. ئەم جارەیان بە پەنجە ڕاکێشان بۆ جیاوازی و ڕەنگاڵەیی ئەزموونە شوناستەوەرەکان، ڕەگەز لە پێوەندییەکی بێدابڕان لە بونیادە چەند لایەنەکانی شوناس یاخود سیستەمە فرەڕەهەندەکانی سەرکوت پێناسە کرایەوە.

ئەو ڕەخنانەی لە نائامادەیی ژنانی ڕەشپێست لە ڕەوتی گوتارسازیی فێمینیزمی شەپۆلی دووهەم دەگیرا هەروەها بوو بەهۆی کۆمەڵێک هەڵسەنگاندنی تیۆریکی دیکە و لە بەرانبەردا، بەرگرییان لە ئایدیای دەرچوون لە فێمینیزم لە مانای تاک و ڕۆیشتن بەرەو فێمینیزمەکان لە مانای کۆدا، بە مەبەستی سەریەکخستنی ئەزموونە جۆراوجۆرەکانی ژنان دەکرد. ئەم پێداچوونەوانە وەکی تر تووشی گەلێک ئالنگاریی تیۆریکی فرەچەشن بۆ گەیشتن بە مانایەکی پەسن و شیاو بۆ چەمکی "ژن" بووەوە کە بتوانێ لە مەترسیی کەوتنە داوی پێوەندییەکانی "زاڵێتی" ڕزگاری بێت و ڕەنگاڵەیی ناوگرووپی هەبێت.

مەعریفەناسیی نوێی فێمینیستیی پشتبەستوو بە ئینتێرسێکشناڵیتی پێشنیار دەدات ئەو ژنانەی لە زنجیرەپلەیی دەسەڵاتدا لە پێگەی بندەستدان، بتوانن

---

[3] Crenshaw, Kimberle. Demarginalizing the intersection of race and sex: A Black feminist critique of antidiscrimination doctrine, feminist theory, and antiracist politics [1989]. Routledge, 2018

خۆیان باسـی ئەزموونەکانی خۆیان لە ڕەگەزەکەیان بکەن لە باتیی ئەوەی کە ژنانی پلە و پێگە باڵاکان نوێنەرایەتیی ئەوانیش بکەن. مانای ئەم بابەتە بۆ ژنی کورد ئەوەیە کە خۆی بتوانێ لە بەستێنی کۆمەڵایەتیی خۆیدا زیاتر لە هەمووان باسـی ئەزموونەکانی خۆی لە مەڕ ڕەگەز یان لەو توندوتیژییانەی بەرانبەری دەکرێت، بکات، نەک ئەوەی کە ژنانی زاڵ بەسـەر ڕەوتی فێمینیزمدا بە نوێنەرایەتیی لە ئەمان و لە زمانی ئەمانەوە داخوازییە ڕەگەزییەکانیان پێناسـە بکەن.

### پاڕامێترە سەرەکییەکانی ئینتێرسێکشناڵیتی

ئینتێرسـێکشـناڵیتی وەک یەک لە چەمکە کلیدییە فێمینیسـتییەکان بەنیازە فرەچەشنی و ڕەنگاڵەییی نیژادی لە ڕەگەزدا بخاتە ڕوو[4] و بۆ ڕوونکردنەوەی چەندجۆریی جیاوازییە درووسـتبووەکانی ناو کۆمەڵگا دەخرێتە بەرکار.[5] تیۆریی ئینتێرسـێکشـناڵیتی لە پەرەی ئاقارە نەریتییەکانی وەک زانسـتە سیاسییەکان لەوانە تیۆرییەکانی دادپەروەری یان پەرەی سیاسی، و هەروەها لە لێکدانەوەی شوناسە پەراوێزییەکانی وەک ڕەگەز، نادادپەروەریی نیژادی و سێکسواڵیتی ئەکتیڤە. سەرنج و ڕوانگەی تازەی داخڵ بە زۆرێک لە بوارەکانی ماف و یاسـاکانی پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ، بنەماڵە و خێزان، کۆمەڵناسـیی کار، یاسای جەزایی (کەیفەری) و کۆچ و کۆچبەری کردووە.

ئەزموون و شوناس بە دوو چەمکی سەرەکیی تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی دێنە ئەژمار کە لەگەڵ ئەزموونی زەینی و ئەندێشەی تاکەکەسیدا پێوەندیی نزیکیان هەیە. ڕوانگەی ئینتێرسێکشناڵیتی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە شوناسی جۆراوجۆر ئەزموونی جۆراوجۆری لێ دەکەوتەوە. هەموو ئەزموون و شوناسەکان هەڵگر و خاوەنی ڕەگی خۆیانن و هیچ بەشـێک یان تایبەتمەندیی هیچ بەشـێک بۆ ئەوانی دی ناگشتێندرێ. کەوابوو بەردی بناغەی ئینتێرسێکشناڵیتی ئەوەیە کە هەندێ کەس یان گرووپبە پێی "ئەزموونەکانیان" لە کەس یان گرووپەکانی دی جیاواز دەبن. کەواتە کەسانێک بە شوناسی هاوبەشەوە لەوانە ڕەشپێست یان

---

[4] Nash, J.C., 2008. Re-thinking intersectionality. Feminist review, 89(1), pp.1-15.

[5] مارکسـیسـم، فمینیسـم، و «اینترسـکشـنالیتی»، شـهرزاد مجاب و سـارا کارپنتر، ترجمه جلوه جواهری، منتشرشده در سایت بیدارزنی

لێزبینەکان، خاوەنی ئەزموونی هاوبەشـــن کە دەتوانێ بە شــێوەی ئۆرگانیک کەســەکان یەکگرتوو بکات. ئەوان دەســـتەبەندییە زانســـتی و ســـیاســـییە هەبووەکانیان بۆ شیکردنەوەی ئەزموونە فرەچەشن و ڕەنگاڵە و تێکچڕژاوەکان بە تەواو نەدەزانی. بەپێی ئەم تیۆرییە لە چەمکســازییە کۆنەکان ســەبارەت بە ســـەرکوت، بۆ نموونە هەڵاواردنی نیژادی، ڕەگەزی و هتد زۆربەی زۆری تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی تووشی هەڵە دەبن و هەموو جارێک تەنها یەک بگۆڕ لێک دەدەنەوە. ئەمە لە حـالێکدایە کە بگۆڕەکـان بەکۆمەڵ کـار دەکەن و کاریگەری دادەنێن. کەوابوو تیۆریی ئینتێرســـێکشـــناڵیتی، دژ بە لێکدانەوە و ڕاڤەی گرووپە زوڵمدیتووەکانە لەســەر بنەمای ســتەم و زوڵمێکی میحوەری و لای وایە شـــێوازەکـانی ســـەرکوت پێکەوە لە پێوەنـدیی بەرانبەردان و بەریەککەوتنیان هەیە و ســیســتەمێکی ســەرکوتی ئاڵۆز و تێکچڕژاو دروســت دەکەن کە خاڵی هاوبەشی سەرجەم هەڵاواردنەکانە. قایلبوون بەم هەڵوێستە ئەگەر و دەرفەتی بینین و ناســینی ژمارەیەکی زۆر فەزای دیکەی شــوێنگەی بەریەککەوتنی هەڵاواردنەکان دەســـتەبەر دەکات.[6] بۆ نموونە ئەوان جەختیان لەوە دەکردەوە کە دەرکی ئەزموونی ژنێکی ڕەشپێســـت، بەپێی لێکدانەوە جێندەری و ڕەگەزییەکانی پێشـــوو وێڕای لێکدانەوە پێشـــووییەکان بۆ نیژاد نەکردە و ناومکین دەبێت. چون یەکەمیان لەســـەر ژنانی ســـپیپێســـت و دووهەمیان لەســـەر پیاوانی ڕەشپێســـت چڕ بووبوونەوە. بۆ نموونە ژنێکی ئەمریکیی کۆچبەری عەرەبی سەر بە چینی بندەست و جڤاتی کوییر دەکەوێتە خاڵی بەریەککەوتنی چەندین ســـتەمی (نیژادی، ئەتنیســـیتی، نەتەوەیی، چین، ڕەگەز و سێکسواڵیتی)یەوە. مۆنا کەریم دواتر لە هەناوی ئەم نەریتە فیکرییەوە نووســـی: "من دژ بەو ژنە دەنووســـم کە بە بێشـــەرمییەوە وا دەزانیت ئێمە یەکێکین. ئەو کە پاڵی بە کورسیی ئاسوودەی هاووڵاتیبوون، چین و نیژادەوە داوەتەوە."[7] لێرەوە تویژەرانی ئینتێرســـێکشـــناڵیتی جەخت لە پێویســـتیی بەکـارهێنـانی ســـیـاســـەتی ڕوو لە "جیـاوازی" دەکەنەوە کە بتوانێ هەموو ســتەمەکان لە "ماتریســی زاڵیتی"[8] ڕەچاو بکات، چون لەســەر ئەو باوەڕەن کە

[6] نشـانگان خسـتگی فمینیسـم سـفید، بـِرِنا بهندر و دنیس فـِرِایرا داسـیلوا، ترجمه فیروزه مهاجر، ١٣٩٢

[7] مانیفستی علیه آن زن، مونا کریم، ترجمه هما مداح، منتشرشده در میدان، ١٣٩٤

[8] Collins, Patricia Hill. «Black feminist thought in the matrix of domination.» Black feminist thought: Knowledge, consciousness, and the politics of empowerment 138, no. 1990 (1990): 221-238.

ناکرێ جیا لە زنجیرەی ستەمەکانی دیکەی گرێدراوی یەکدی، لێکدانەوە و بەدواداچوون بۆ ستەمێکی دیکە بکرێت[9]. جگە لەمە، لێکدانەوەی شێوەکانی کارلێکی ڕەگەز، نێژاد، ئەتنیسیتی، چین و سێکسوالێتی پێکەوە و چۆنێتیی بەکارهێنانیان بۆ ڕۆنان و پاراستنی نایەکسانی و سیستەمەکانی سەرکوت و هەروەها بەدیهێنانی شێوە و شێوازی جۆراوجۆر لە بەرخۆدان لای بیرمەندانی ئەم تیۆرییە، گەلێک گرنگە. هەر بۆیە ئینتێرسێکشنالێتی پەیڕەویی لەو بەڵگاندنە دەکات کە هەرچەندە ژمارەی دەستە و تاقمە پەڕاوێزییەکان زیاتر بێت، ژمارەی ئەو هەڵاواردنانەی تاکێک ئەزموونی دەکات، زیاترە.[10] بەپێی تیۆریی ئینتێرسێکشنالێتی، ژنانی ڕەشپێست لە ئەمریکا وەک نموونەیەک لە ژنانی کەمینە، بەرەوڕووی ستەمێکی زیاتر و دوو ئەوەندەی شوناسی ڕەگەزی، نێژادی و چینی کۆمەڵایەتی دەبنەوە کە دواتر چەند هەڵاواردنێکی دیکەی وەک سێکسوالێتی و یاخود تاتوانیی جەستەیی لێ زیاد بووە.

کەوابوو، ئەم تیۆرییە خۆی بەرانبەر بە نیشاندانی ستەمدیتووترین و پەڕاوێزیترین و بندەستترین تاک و گرووپەکانی کۆمەڵگا بە بەرپرس دەزانێت و وەک فاکتەری گۆڕانی پێوەندییەکانی دەسەڵات و زاڵێتیی لە بەرچاویان دەگرێت. چونکە ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەن کە "پەڕاوێزیبوون" تاک دەخاتە پێگەیەکی تایبەتەوە بۆ خەبات و بەرەنگاری[11]. بەم چەشنە تاکە پەڕاوێزییەکان بۆ تیۆرڤانانی ئینتێرسێکشنالێتی خاوەنی جیاوەکی مەعریفەیین. وەک میتۆدێکی لێکدانەوەیی، ئینتێرسێکشنالێتی دەتوانێ تێکەل بە میتۆدە سەرەکییەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ببێت کە لە ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدیهێنانی زانست و مەعریفەدا ڕۆڵی دیاریکەریان هەیە. ئینتێرسێکشنالێتی هاوکات ڕووکردێکە بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوەی ئەزموونی.[12] لە ڕوانگەی میتۆدناسییەوە، ئینتێرسێکشنالێتی وەک میتۆدێکی ڕوو لە گەشە و پێشکەوتن کە کۆتایی نەهاتووە و بەردەوام لە گەشەدایە، کار دەکات. بەم چەشنە ئەم تیۆرییە بەردەوام هەوڵ دەدات دەرکی یەکتربڕبوونی شوناس و پێوەندییەکانی

[9] Smith, Barbara. «The Truth That Never Hurts Writings on Race, Gender, and Freedom.» (1998). 112

[10] Crenshaw, Kimberlé (2001) ‘Mapping the Margins: Intersectionality, Identity Politics and Violence against Women of Color’, paper presented at the World Conference Against Racism.

[11] Hooks, B., 2000. Feminist theory: From margin to center. Pluto Press. P. 16.

[12] Hancock, A.-M. (2007). «When Multiplication Doesn’t Equal Quick Addition: Examining Intersectionality as a Research Paradigm». Perspectives on Politics, 5(1), 63-79. 63

دەســـــەڵات و زاڵیتیی تێکئاڵاوی بەرەو شـــــوێنە نەدۆزراوەکان بگوازێتەوە. ئینتێرســـــێکشـــــناڵیتی وەک میتۆدێکی نوێ توانیویەتی پانتاییی یەکتربڕبوونی ســـــتەم بۆ شـــــەپۆلێکی بەرین لە ئەکتیڤیســـــتەکان لەوانە کۆمەڵەی پێوەندییە ئەتنی/گروپییەکان و دیکەی میحوەرە شـــوناس‌ســـازەکان، خاوەن‌پێداویســـتییە تایبەتەکان و بەســـاڵاچووان بەرین بکاتەوە. میتۆدی ئینتێرســـێکشـــناڵیتی وەک زانستێکی نێوان‌لقی، وەکی تر دەتوانێ تێکچڕژاویی نێژادپەرەستی، پیاوسالاری، ستەمی چینایەتی و هەڵاواردنەکانی دیکە کە نایەکسانیی جۆراوجۆر لە ئاستی لۆکاڵی، نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا بەدی‌دێنن کە پلە و پێگەی پەراوێزیی ژنان، نێژادەکان، کەمینە ئەتنیکییەکان، چینەکان و هتد بونیاد دەنێن. ئەم پێناســـــە لە ئاســـتێکی بەرینتردا، هەلومەرجی مێژوویی– کۆمەڵایەتیی خۆجێیی لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی بان‌نەتەوەیی و بونیادی بە بەدیهێنەری سەرەکیی جیاوازی و ناوێکچوونییەکان دێنە ئەژمار. کەوابوو ئەم بەڵگاندنە کە خاڵی یەکتربڕ تەنها لەســـــەر ئەزموونەکانی ژنانی ڕەش‌پێســـــت لە ئەمریکا چڕ بۆتەوە و کەواتە نـاتوانێ ئەزموونی ژنـانی دی لێکبـداتەوە، دەرکێکی نـاتەواو و ڕووکەشـــــییە ســـــەبارەت بەم تیۆرییە. بە دەربڕینی دی، پێناســـــەی ئینتێرســـێکشـــناڵیتی وەک هەرەمێکی گونجاو لەگەڵ سەرچەشنە فیکری و پراکتیکییە لۆکاڵییەکان پێش بە جووڵە و بزووتنی لە ئاستی جیهانی و دیسکۆرسە نێونەتەوەیییەکان ناگرێت.

نوێگەرییە تیۆریکە فێمینیســـــتییە ئینتەرســـێکشـــناڵەکان، زۆرێک لە گریمانە و بۆچوونە ســـیاســـییەکانمان دەخەنە ژێر پرســـیارەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕێگەی ئاراســـتەکردنی مەعریفەناســـییەکی نوێوە، زیاتر لە هەمیشـــە پێوەندیی نێوان زانســـت و دەســـەڵات لە ئاقاری ڕەگەزدا ئاشـــکرا دەکەن. ئەم تیۆرییە هاوکات کۆمەڵێک ئاڵتەرناتیڤی جیاجیا وەک شـــێوازەکانی خۆڕاگریی بەرانبەر بە بونیاد و دەســەڵاتدارەکان پێشـنیار دەدات. چونکە لەو شـوێنەی سـتەم چەند لایەنەیە، دژایەتی و خەباتێکی چەند لایەنە، یەکتربڕ و تێکچڕژاو داوا دەکات کە ئەوەش خۆی گەلێک ئالنگاری و دژواری دەخاتە سەر ڕێی فێمینیستەکان.

**ژنی کورد و ئینتێرسێکشناڵیتی**

ئینتێرسێکشناڵیتی لە مانایەکی گشتیدا یارمەتیی دەرکی باشتری ژنانی کۆمەڵگا جۆاوجۆرەکـان ســـــەبـارەت بە دۆخی پەراوێزییـان و دەرکیـان لە مەڕ ســـیســـتەمەکانی دەســـەڵات و زاڵێتی و پێوەندییەکانی دەســـەڵات دەدات؛ بە نیســـبەت ژنی کوردەوە ئەم تیۆرییە بۆ توێژەر و ئەکتیڤیســـتەکان ئەو بابەتە

دەخاتە ڕوو کە بۆچی هاوشێوەی ژنانی ناسپیپێست لە ئەمریکا و ئەورووپا، ژنی کوردیش یان ئەو ژنانەی لە بازنەی ناوەندگەرایی بەدەرن، وەک قوربانیی بێکردی بێبەری لە سۆبێکتیڤیتی و بێتوانستی ئیرادە بۆ گۆڕان، بەرەو پەراوێزەکان پاڵ نراون. ژنانی سەر بە "فێمینیزمی کەمینە" کە بەداخەوە لەنێو کورددا هێشتا بە شێوەی ئەوتۆ تیۆریزە نەکراوە، خۆیان لە "فێمینیزمی ڕەوتی سەرەکی" جیا دەکەنەوە و بە نووسین و هەوڵی جۆراوجۆر دەپەرژێنە سەر گرنگیی تیۆرییە یەکتربڕەکانی ڕەگەز بۆ ڕاڤە وشیکردنەوەی پێگەی پەراوێزی و سەرکوتکراوی ئەم کەمینە تایبەتییەی خۆیان. بەم چەشنە ژنی کوردیش لە سەریەتی بە گۆڕینی ئەزموونەکانی وەک چینی بندەستی بەرەیەکی کەمینە و پەراوێزیی نەتەوەیەکی نازاڵ و ناسەرەکیی ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی، بۆ کەرستەی پێوانی ڕادە و ئاستی سەرکوتی ڕەگەزی و دەستنیشانکردنی ڕووگە پەرگیر و فرەڕەهەندەکانی، هەوڵی جیددیی بخاتە گەڕ. لەم ڕێگەیەدا بێگومان ئینتێرسێکشنالێتی دەتوانێ چارە و ئاسۆیەکی ڕووناک بێت. لەم بەشە لە وتارەکەماندا وێڕای پێناسەیەک کە بۆ "ژنی کورد" بەدەستەوە دراوە، کەپاسیتی و خاڵە هێزەکییەکانی تیۆریی ئینتێرسێکشنالێتی و ژنی کورد و شێوازەکانی کارکردن بەم تیۆرییە و ئەو بەربەستانەی دەکەونە سەر ڕێگای چالاکیی پێوەندیدار بە داڕشتنەوەی ئینتێرسێکشنالێتییەوە خراوەتە بەرباس و لێکدانەوە بەو هیوایەی کە ژنی کوریش بتوانێ بەو ئەزموونە یەکەوە کە لەسەر یەکخستنی هەموو جۆرەکانی هەڵاواردن و ستەم و سەرکوت ئەزموونی دەکات، ڕێبازێکی نوێ لە زانستی فێمینیستیدا بکاتەوە و لەو سەکنینەی تێیدایە ڕزگاری بێت. چونکە لام وایە "ژنی کورد" ئەو کەپاسیتییەی هەیە کە وەک ئەوی ژنانی "ڕەشپێست" یان "ڕەنگینپێست" لە نیوەی دووهەمی سەدەی ڕابردووەوە کردیان و سەرکەوتووانە بوون بە خاوەنی ناو و ڕێبازێکی جیاواز و دیاریکراو و توانییان تەوەرێکی تایبەت بە خۆیان بکەنە ڕەوتێکی جیهانی، و ئێمە و چەندانی دیکەی وەک ئێمەش بیانهەوێ بە ڕێبازی ئەواندا برۆن و کارێکیان بۆ خۆیان کردبێت، ئەویش هەنگاوێک لەم ڕێگادا هەڵبگرێت و بەرە بەرە ناو و پێگەیەک لە ڕەوتە جیهانییە فێمینیستییەکاندا بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

## کەپاسیتی و خاڵە هێزەکییەکانی تیۆریی ئینتێرسێکشنالێتی بۆ ژنی کورد

بنەما سەرەکییەکانی تیۆریی ئینتێرسێکشنالێتی و پەرژانە سەر ئەزموونی ژنانی کەمینە لەو وڵات و شوێنانەی لەسەر ئەم تەوەرە لێکدانەوەی چڕوپڕ

ئەنجام دراوە، لە زۆر ڕووەوە بۆ دەرک و تێگەیشـــتنی باشـــتری پێگەی کەمیینەبوون و ئەو ســـتەمە دووقاتەی ژنانی کورد لەگەڵی دەژین، یارمەتیدەر دەبێت. ئەزموونی ژنی کورد ســـەبارەت بە هەڵاواردن و کەمیینەبوون زۆر هاوشـێوەی ئەو شـتەیە بەسـەر ژنانی ڕەشپێسـت یان ڕەنگینپێسـتی چینی کرێکـار لە ئەمریکـادا دێـت. هەر دوویـان زنجیرەیەک لە هەڵاواردنی دووبەرانبەری سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووری بەهۆی کەوتنە بەر خاڵی یەکتربڕی ڕەگەزی و ئەتنیکی، نیژادی و چینایەتییەوە، ئەزموون دەکەن کە لە چاو بەرەی زاڵ یان ژنانی سـپیپێسـتی سـەر بە چینی مامناوەند لە ئەمریکا، ئەمیان سـەبارەت بە ژنانی ڕەشپێسـت و هەروەها ژنانی سـەر بە چینی مامناوەندی غەیری کورد و سـەر بە ئایینی زاڵی ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژین، بە نیسـبەت ژنی کوردەوە، دەیانخاتە پێگەیەکی بندەسـت و جیاوەک و ئیمتیاز لێوەرگیراو.

باشـتر وایە وەک گوزارەیەک پێناسـەیەکی تایبەتیش بۆ دەسـتەوشـەی "ژنی کورد" و مەبەسـتمان لە بەکارهێنانی لەم وتارەدا بکەین. ئەوەی لەمە بەدوا لەم وتـارەدا بە نـاوی "ژنی کورد"ەوە نـاو دەبرێـت بە ڕەچـاوکردنی واقیعی جوگرافیاییی ئەو وڵاتانەی ژنی کوردیان تێدا دەژی و ئەو دابەشـبوونەی ئەم ژنانەی خسـتووەتە چوارچێوەی چەند وڵاتێکەوە، دەبێت. واتا لەم کارەدا گەر پێشـنیار یان ڕێکار و یاخود هەر میکانیزمێکی پێوەندیدار دێتە باسـکردن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاسـتییە مێژوویی، سـیاسـی و جوگرافیاییەوە دەبێت. دەکرێ بڵێین "ژنی کورد" سـەرەتـا وەک ڕەگەز و بێ ڕەچـاوکردنی ژنـانی کۆچکردوو و نیشـتەجێی شـوێنی بەدەر لەو شـوێنانەی ئێمە مەبەسـتمانە، لە چوارچێوەی چوار وڵاتی ئێران، عێراق، تورکیا و سـووریادا بەردەوام وەک نەتەوەیەکی نـاسـەرەکیی ئەو وڵاتـانە، کەمیینە و پەڕاوێزخراو و ئەنجـام لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە خوارتر لە ژنانی نەتەوەی سەرەکی و دەسـەڵاتداری وڵاتەکە، ژیان بەسـەر دەبەن. ژنی کورد لە هەریەک لەم وڵاتانەدا هاوشـێوەی یەکدی لەگەڵ خاڵێکی یەکتربڕی هەموو جۆرەکانی ستەم و هەڵاواردن بەرەو ڕوون. ئەو ساتەوەختەی بە زمانێک جگە لە زمانی فەرمیی ئەو وڵاتانە دەدوێن، سەر بە ئەتنێکی جگە لە ئەتنی سەرەکی و زاڵی وڵاتەکەن، باوەڕیان بە ئایینێکی جگە لە ئایینی باڵادەسـتی وڵاتەکەیە و بەپێی نیژادیان لە سـیما و ڕواڵەتیشـدا لە فارس و تورک و عەرەبەکان جیاوازن. زۆربەی هەرە زۆری ژنانی کورد، بەم تایبەتمەندییانەوە، بەراورد بە ژنانی دیکەی ئەو وڵاتەی لە چوارچێوەیدا ژیان بەسـەر دەبەن، ئاسـتی دەسـتڕاگەیشـتنیان بە دەرفەت و ئیمکانی پەروەردەیی و خۆشـگوزەرانی یان بازاڕی کار زۆر نزمترە و بە

ڕادەی پێویست لە توانست و دەرفەتی ئەوتۆ بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتی گوتاری ناوەندگەرا بەهەرەمەند نین. هەروەها دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەو سەرکوتکردنەی بەرانبەر بە هەوڵ و خەبتینە تاکەکەسی و کۆییەکان بۆ بەرگری لەم شوناسانە و لە ناوچە کوردنشینەکاندا دەکرێت، قورستر و فراوانترە. کەواتە بێگومان دەرکی ئەم ژنانە سەبارەت بە پرسی ڕەگەز و جێندەر بە هیچ شێوەیەک بەراورد بە ژنانی ناوەندنشینی چینی باڵا و مامناوەندی نەتەوە و ئایینە سەردەستەکان یەک شت نییە. هەروەک لایەنگرانی تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی ئاماژە بە دەرکی جیاوازیی ژنانی ڕەشپێست و ڕەنگینپێست سەبارەت بە ڕەگەزی خۆیان لە چاو ژنانی سپیپێست دەکەن. کەوابوو ناکرێ زۆرێک لەو پێناسانەی لەلایەن ژنانی چینی مامناوەندی ناوەندەکانەوە (بۆ نموونە لە ڕۆژئاوا ژنانی سپیپێست)، واتا ژنانی فارسی تارانیی شیعە مەزهەبەوە (ئێران)، ژنانی عەرەبی خەڵکی بەغدا یان دەمیشق و شارە گەورەکانی هەریەک لەو وڵاتانە (عێراق و سووریا) و هەروەها ژنانی تورکی سەر بە چینی باڵا و مامناوەندی ئەنکەرا و ئیستانبووڵ (تورکیا)، بۆ ژنانی هاوجۆری خۆیان داڕشتووە، هەر بەو ڕادە لەسەر "ژنی کورد"یش فەرز بکرێت. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵێک چەمکی وەک "هاووڵاتی بوون"، لە هەریەک لەو وڵاتانە، یان "ژنبوون" وەک کۆمەڵێک شوناسی یەکدەست، زیاتر لە هەموو شتێک دەبێتە هۆی نامەرئیبوونی زنجیرەی ئاڵۆز و تێکچڕژاوی ستەم لە هەریەک لەم وڵاتانەدا بێ تۆمارکردن و گرنگیدان بە شوناسە یەکتربڕەکانی وەک ئەتنیک، یان ئایین و چین. لێرەوە دەتوانین بڵێین چەندین جۆر جیاوازیی مانادار لەنێوان ئەم ژنانە و هەوڵ و کارەکانیاندا، لەگەڵ "ژنی کورد" لە ئارادایە کە چەندین جۆری جیاواز لە هەڵاواردن و ستەمیشیان بەرهەمهێناوە و گەر بە فەرمی وەرنەگیرێن و وەک دەگوترێ بە ڕەسمی نەناسرێن، ئەو هەوڵ و کارانە بەردەوام عەیب و کەموکوڕیی یەکدەستبوونیان لەسەر دەمێنێتەوە و پێویستیی گرنگیدان بە تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کوردیش تۆختر دەخەنە ڕوو.

لە حاڵێکدا کە دەزانین ژنانی نیشتەجێی ناوچە کوردنشینەکان، کە بەزۆری لە ڕوانگەی پێکهاتەی حەشیمەتی و ئەتنیکییەوە بە پەڕاوێزخراو و کەمینەکراو لە قەڵەم دەدرێن، زیاتر لە ژنانی دی گیرۆدەی هەڵاواردنی نەتەوەیی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورین و قەیرانی ئابووری و هەژاریی هەردەمزیادکەر، بێکاری و هتد ئەزموون دەکەن و کەم و کوڕییە ڕفاهییەکانی وەک کەمیی ئاو و پیسبوونی ژینگە و نەبوونی قوتابخانە و ئیمکانیاتی پەروەردەیی هاوشێوە و هاوئاستی ناوەند و ئەتنیکە زاڵەکان، چۆڵبونی لادێکان و نەبوونی

خزمەتگوزارییە دەوڵەتی- کۆمەڵایەتییەکان ئەزموون دەکەن، هاوکات لەگەڵ قەیرانی سیاسیی وەک نەبوونی پەروەردە بە زمانی دایکی، هەڵاواردنی ئەتنیکی و ئایینی کە خۆی دەبێتە هۆی دەستگیرکردن و گوشار و زیندان و ئێعدامی بەربڵاو و کۆمەڵێک بابەتی هاوشێوەی ئەمانە بەرەورووون، قەت ناکرێ بڵێین ئەزموونی ئەوان لە ستەم تەنها گرێدرای ڕەگەزەکەیانە و تەنانەت ئەزموونی ئەوانلەم بوارەدا هاوشێوەی ئەزموونی گرێدراوی ڕەگەزی ژنێکی ناوەندنشینی چینی مامناوەندی سەر بە هەریەک لەو ئەتنە سەردەستانە نییە. دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین کە ئەو کێشە و قەیرانانەی ناوبران، زۆربەی جار گوشارێکی بەربڵاو بەسەر خێزانە کوردەکاندا دەسەپێنن کە بار و قورساییی بەشی هەرە زۆریشیان دەکەوێتە ئەستۆی ژنی کوردەوە؛ ژنان لە ئەو شار و لادێ کوردنشینانەی لە ئاوی پاک و مسۆگەر بەهرەمەند نین، دەبێ ئەرکێکی زۆر زیاتر بکێشن تاوەکوو ئاو و خاوێنیی ماڵ و خێزانەکەیان دابین بکەن و لەم ڕێگەدا تووشی دەیان گرفت و هیلاکی و نەخۆشیی سەخت دەبن. ئەو حاڵەتانەی ژنانی بەهرەمەند لە دەرفەتە خۆشگوزەران و ڕفاهییەکانی چینی باڵا و ناوەندنشین و دەسەڵاتداری وڵات لێی دوورن و یان کەمتر تووشی ئەم دەردیسەرییانە دەبن. یان نموونەیەکی دیکە، لەو خێزانانەدا کە پیاو یان باوکی ماڵ بە ساڵان بە تاوانی سیاسیبوون زیندانی دەکرێت، لە بەر هۆکاری سیاسی لە کارەکەی دەردەکرێت، یان مەترسیی ئێعدام و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە و نەخۆشینە دەروونییەکانی لە سەرە، ئەوە ژنی کوردە کە دەبێ بە شێوەی دووقات بۆ گوزەرانی ژیانی خۆی و منداڵەکانی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خێزانەکەی، قۆڵ هەڵماڵێت و جوانی و سەلامەتیی خۆی فیدا بکات.

### شێوازەکانی بەکارهێنانی ئینتێرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کورد

هاوشێوەی تیۆرییەکانی دیکەی کۆمەڵناسیی ڕەگەز و جێندەر، کۆمەڵێک خوێندنەوەی و لایەنگریی جیاجیا سەبارەت بە تیۆریی ئینتێرسێکشناڵیتی لە ئارادایە کە هەندێکیان تەنانەت دژ بە یەکدین. خوێندنەوە لیبراڵی و پۆستمۆدێرنەکان بە نیسبەت وتەزای هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی و مێکانیزم و ئاقارەکانی بەرهەمهێناوەی، بەزۆری دژ بە تەفسیرەکانی فێمینیستە چەپە مارکسیستەکانە لە مەڕ ئینتێرسێکشناڵیتی. ئەم تیۆرییە لە لایەکەوە بۆ ڕەچاوکردنی ڕاڤەی ڕەگەزی و نیژادی لە ماتریالیزمی مێژوویدا و لە لایەکی دیکەشەوە بۆ فێمینیستە لیبراڵەکان بە هۆی دەرکی پێوەندی و دانووستانە

مادديیەكانی زاڵێتی یارمەتیدەر بووە. ئینتەرسێكشناڵەكان هەروەها توانیویانە فێمینیزمی سپی ناچاری ڕەچاوكردنی جیاوازی و زنجیرەپلەیی ڕەگەزی، نیژادی، چینایەتی و سێكسواڵیتی بكەن. زۆرێک لە توێژەرە فێمینیستەكان ئەم جۆرە شیكردنەوانە بەهۆی بڕوایان بە پۆتانسیەڵی ڕادیكاڵی [ئینتێرسێكشناڵیتی] بۆ گۆڕینی شێوازە كۆمەڵایەتییەكان، تێكدانی نەزمی سەركوتكاری زاڵ و بەسیاسیكردنی زۆربەی سووژەكانی كۆمەڵگا، بەكار دێنن، وێڕای جەختكردنەوە لەو خاڵەش كە دەرچوونی تەواو لە پێوەندییەكانی دەسەڵات و زاڵێتیی نامومكینە چون پێوەندیی نوێی هێز/ زانست بەردەوام لە سیستەمە تازەكانی پۆلێنبەندیدا دووبارە جێگیر دەبنەوە. هەروەک تیتی باتچاریا لە لێدوانێكیدا لەسەر تیۆریی ئینتێرسێكشناڵیتی دەڵێ؛ "ئەم تیۆرییە لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەڵگری گەلێک تایبەتمەندیی بەرز و باڵایە و بەرەو چەشنێ هەڵوێستی "دژ بە نیژادپەرەستی" دەڕوات كە بەرزی دەنرخێنین. ئەمە بەو مانەیە كە گەر فێمینیستێک پێمان بڵێ خۆی بە ئینتێرسێكشناڵ دەزانێ، لێمان ڕوونە كە ئەم كەسە دژ بە نیژادپەرەستییە و لایەنگری مافی كەمینەكانیشە و ئەمەش گەلێک باشە. بەڵام هەر كە باسەكە دێتە سەر تیۆری و ڕاڤە تیۆریک و میتۆدۆلۆژیكەكان، ناكرێ بە دیدێكی ڕەخنەگرانەوە لە ئینتێرسێكشناڵیتی نەڕوانین. چونكە بەشێكی زۆر لەو ڕەخنانەی ئاراستەی كراون، لە مەڕ موزائیكیبوونی ئەم تیۆرییە و نەبوونی پێوەندییەكی دینامیک لەنێوان شوناسە فرەجۆرەكان، بەجێ و دروستن."[13] كەوابوو، سەرەڕای ئەو دەستكەوت و بەرهەمانەی ئەم تیۆرییە بۆ لێكدانەوەكانی ژنان و لە ئاستێكی سەرتردا بۆ زانستە كۆمەڵایەتییەكان و زانستە مرۆییەكان هەیبووە، ئینتێرسێكشناڵیتی بە هۆی نەبوونی میتۆدناسییەكی یەكتربڕی دیاریكراو، بەكارهێنانی ژنانی ڕەشپێست وەک سووژەی جەوهەری و زاتگەرایەنای یەكتربڕ، سیاسەتی شوناس و ستراكچراڵیزمی كولتووری، تیۆرییبێزی، بەرپەرچدانەوەی ئاستە ڕاڤەییە ماتریالیستییەكان و لە كۆتاییدا لەبەر میتۆدۆلۆژیی تاكگەراییانە لەلایەن توێژەر و بیرمەندانی سەر بە شەپۆلە جیاجیاكانی ئاقاری ڕەگەز و

---

[13] https://www.youtube.com/watch?v=AGAXenvbIjE :هەروەها بڕوانن

Bhattacharya, Tithi. «Social reproduction theory: Remapping class, recentering oppression.

جێندەرەوە ڕەخنەی ئاراســـتە کراوە. کەســـانێکی وەک مەک کال[14] و چانگ[15] وەک دوو کەس لە گرنگترین توێژەرانی ئەم تەوەرە بـاس لەوە دەکەن کە "سـەربارى سـەرهەڵدانى ئینتێرسـێکشـناڵیتی وەک مۆدێلی سـەرەکیی توێژینەوە لە لێکدانەوەکانی ژناندا، باسێکی کەم سەبارەت بە لێکدانەوەی، واتا میتۆدەکەی، لە ئارادایە."[16] کەواتە بە بڕوای مەک کاڵ، ئەوەی توێژینەوەی فێمینیســـتی لە مەڕ ئینتێرســـێکشـــناڵیتی ئاســـتەنگ دەکاتەوە بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ میتۆدەکان، نەک بۆ ناوەرۆک، یان تیۆری یاخود فەلسـەفە.[17] لە لایەکی دیکەوە ڕەخنەی جێنیفێر ناش بۆ پێناســـەی تەمومژاویی خودی ئینتێرســـێکشـــناڵیتی و ئێعتیباری ئەزموونی دەگەڕێتەوە[18]. بە بڕوای یووال داویس یەک لە کێشـەکانی مۆدێلی پێشـنیاردراوی ئینتێرسـێکشـناڵیتی ئەوەیە کە ئەم مۆدێلە بەزۆری لە ئاســـتێکی ڕاڤەیی، واتا ئاســـتی ئەزموونیدا دەمێنێتەوە و جیاوازییەک لەنێوان ئاســـتە جۆراوجۆروکاندا دانانێت؛ واتا ئاســـتەکانی ماددی و نواندنەوەیی لێک جیـا نـاکـاتەوە و شـــێوازەکـانی ڕێکخراوەیی، دامەزراوەیی، نێوانزەینی و بنەماڵەیی زۆربەی جار ڕەچاو ناکرێت.[19] ڕەخنەگران لەســـەر ئەو باوەڕەن کە ئەم تیۆرییە زیاتر لەوەی پێویســـتە گرنگی بە ســـۆبێکتیڤیتیی دەدات و دەوری بونیادەکان لە بەرچاو ناگرێت.

دەکرێ بڵێین ئەمانە کۆکراوەی ســـەرجەمی ئەو ڕەخنانە بوون کە ئاراســـتەی ئەم تیۆرییە کراون. بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێین کە بابەتەکە بە نیســـبەت ئێمەی کوردەوە زۆر جیاوازە. ژنی کورد هێشتا نەکەوتووەتە سەر ڕێگا سـەرەکییەکە و هەر خۆشـی وەک دیاردەیەکی نوێباو بە شـک و گومانەوە لێی دەڕوانرێت و خودی تیۆرییەکە بە نیسـبەت ژنی کوردەوە تیۆریزە نەبووە. مانای ئەوەی کە ئەزموونی ژنی کورد تا ئێستاش بە داڕشتنەوەیەکی پەسن و گونجاو نەهاتۆتە ڕۆژەڤەوە. ژنی کورد هێشتا جیاوازی و بێبەریبوونەکانی نەگواستووەتەوە بۆ پانتاییی باســـێکی زانســـتی و وەک دەگوترێ مەحکەمەپەســـەند. ژنی کوردیش

[14] McCall, L. (2005) ‹The complexity of intersectionality› Signs, Vol. 30, No. 3

[15] Chang, R.S. and Culp, J.M. (2002) ‹After intersectionality› University of Missouri-Kansas City Law Review, Vol. 71. P. 485

[16] McCall, Leslie. «The complexity of intersectionality.» *Signs: Journal of women in culture and society* 30, no. 3 (2005): 1771-1800. P. 1795.

[17] McCall, Leslie. «The complexity of intersectionality.» Signs: Journal of women in culture and society 30, no. 3 (2005): 1771-1800. P. 1795.

[18] Nash, Jennifer C. «Re-thinking intersectionality.» Feminist review 89, no. 1 (2008): 1-15.

[19] Yuval-Davis, Nira. «Intersectionality and feminist politics.» European journal of women's studies 13, no. 3 (2006): 193-209.197

هاوشـــێوەی ژنانی ئەمریکیی بە ڕەچەڵەک ئەفریقی کوژرانی باوک و برا و کورەکانیان بینیوە، منداڵی خۆیان بە هۆکاری ســـیاســـی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لەدەســت داوە، بۆ دیداری کچان و کوڕانیان ڕوویان لە زیندانەکان کردووە و گەلێک خەسـاری گەورە و بچووکی تاکەکەسـی و کۆییان بەسـەردا هاتووە. ئەم ڕەنجانە کە هەموو دەکەونە ســـەر ســـنوورەکانی هەڵاواردنی نیژادییەوە کەســـانێک ئەزموونی دەکەن کە خۆیان لە کەوشـــەنی هەڵاواردنە ڕەگەزی و جێندەرییەکاندا هەموو ستەمە پێناسـەکراوەکانیان بە زیادیشـەوە بە ســـەردا هاتووە. ژنی کورد هاوئاســـۆ لەگەڵ ژنبوونی، شـــایەتی ڕەنجی ئازیزەکانیشی بووە، لە هەموو ژنێکی دی زیاتر بە پەرۆشی بارودۆخی پیاو و گەنجەکانی هاونەتەوەی خۆیەوە بووە. بێجێگە نییە گەر بڵێین هەســـتیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەهۆی هەمان هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە، کە بە تـانوپۆی ژیـانیـدا چنراون، لە ژنـانی دیکە زیـاترە. دەرکی ژنی کورد لە شوناسی ئەو توندوتیژییەی بە سەر خەڵکەکەیدا دێن و ستەمێک کە هەمیشە بەردەوامە وای لە ژنی کورد کردەوە کە لە چاو دیتران ستەمێکی دوولایەنەیان بەر بکەوێت و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگایان دابنێت.

ئەو جیاوازی و بێبەریبوونە تاک و تایبەتییانەی زۆر قووڵ کاریگەرییان کە سەر ژیانی "ژنی کورد" داناوە گەر بە شێوەیەکی ڕاست و دروست کاریان لە ســـەر بکرێت بێگومان دەتوانن دەنگ و داخوازییەکانیان بەگەیەننە شـــوێنی مەبەسـت و پێناسـەیەکی نوێ بۆ پرسـی "دادپەروەریی کۆمەڵایەتی" و "سـتەمە چەندلایەنەکان" پێشـکەش بکەن. باش دەزانین کە ناکرێ شـوناسـی ئەم ژنانە تەنها بەپێی ڕەگەزیان دیاری و پێناســـە بکرێت. ژنی کورد دەبێ خۆی باســـی ژنبوون و ستەمە گرێدراوەکانی بکات و پێشنیاری خۆی بۆ ڕێگاکانی گۆڕینی پێوەندییەکانی وەســـتاو لە ســـەر زاڵێتی هەبێت. دەبێ بە شـێوە و شـێوازی جۆراوجۆر دەنگی خۆی بگەیەنێتە گوێی هەمووان و لێرەوە بۆ ڕێخســـتنی بزووتنەوەیەکی گەورەی فێمینیســتی بەکاری بێنێت. کۆمەڵێک کار و شـێوازی چالاکی هەن کە لەم بوارەدا ژنی کورد دەتوانێ ئەنجامیان بدات و ســـوودیان لێ وەربگرێت. یەکەم هەنگاو دەبێ ژنی کورد هەوڵ بدات بوون و هەستییەکی ســـەربەخۆ لەوانەی پێشـــتر وەک پێناســـە و پێداهەڵگوتنەکان لێی ئالابوون، بە پیاو و خێزان و نیشتمانیشەوە، بۆ خۆی دەستەبەر بکات. پێویستە پرۆژەیەکی گشتی بۆ ئازادیی ژنی کورد، بێتە ناساندن و تێیدا زۆر گرنگە کە نیژاد و چین لە ناوەندا جێگیر بکرێت و میحوەرییەتی هەبێت.

دەبێ بەرەنگاری هەموو ئەو بەربەستانە ببێتەوە کە کەوتوونەتە سەر ڕێگای. هەنگاوە کردەوەیییەکان لەم بارەوە بریتین لەوەی کە ژنی کورد دەبێ بە کەڵکوەرگرتن لە کەرستە مۆدێڕن و هەنووکەیییەکان باس لە ئەزموونەکانی خۆی وەک "ژنی کورد" بکات. بانگ هەڵدان و نووسین بکاتە یەک لە شێوازەکانی قسەکردن لەسەر "زنجیرەی هەڵاواردنەکان" و بە وەرگێڕانی دەقە فێمینیستییەکان ڕۆشنبیرییەکی کۆیی لەنێو ژناندا بەرهەم بێنێت. پێکهێنانی بەرەیەکی هاوبەش لە هەموو ژنانی کورد بە هەموو بیر و باوەڕێکەوە، بەڵام بەو خاڵە هاوبەشەوە کە سەرپاکیان ژنی کوردن وێڕای ئەو ستەمە فرەڕەهەندانەی بە درێژایی مێژوو ئەزموونیان کردووە، بێگومان دەبێتە هۆی یەکانگیرییەکی بەسوود و کاریگەریی زۆری لە ناوەندە جیهانییەکاندا دەبێت. لە ڕاستیدا گەر بڕوامان بە تیۆرییەکی وەک ئینتێرسێکشناڵیتی هەبێت بەڵام تەوەری "ژنی کورد" وەک دیاردەیەک کە ئەو کەپاسیتییەی هەیە جێگەی خۆی لەنێو دیالکتیک و گوتارە جیهانییە پێوەندیدارەکاندا بکاتەوە، نەبینین، یان تەنها بیر لە پاراستنی جیاوەکە چینایەتی، سیاسی و کولتوورییەکان دەکەینەوە و یان تووشی جۆرێک لە ڕیاکاریی ڕۆشنبیریی ناسیۆنالیستی هاتووین. بە گشتی پێویستە بگوترێ ژنی کورد دەبێ بە دوای جۆرێک لە یەکگرتوویی لەنێو بزووتنەوەیەکی پەڕگیردا بکەوێت تاوەکوو بتوانێ پێگە و دۆخی خۆی بە ڕەسمی بە هەمووان بناسێنێت.

### بەربەستەکانی سەر ڕێگای ئینتێرسێکشناڵیتی بۆ ژنی کورد

ڕاستە کە بندەستیی ژنان و ئەو هەڵاواردن و ستەمەی بەسەریاندا دێت، ڕەگی لە بونیادی پیاوسالاریدایە بەڵام ئەم بونیادە پڕ لە هەڵاواردنە، لە پێوەندی لەگەڵ بونیاد و قڵەشە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا کار دەکات؛ بۆ نموونە سیستەمی چینایەتی و نەتەوە و ئایین؛ و هەروەها ئیستیبدادی سیاسی کە دەتوانێ بە فاکتەرێکی کاریگەر لەم بارەوە بێتە ئەژمار. هەریەک لەم بونیادانە بە تەنها یان لە پاڵ یەکدیدا، هەڵبەت بە ئۆلگووی "جیاواز"ەوە، لەسەر بندەستیی ژنان لە کۆمەڵگادا کاریگەری دادەنێن. هەر ئەو جیاوازییانەی بابەتەکەی لێ ئاڵۆز کردووین بریتی لەوەی کە کام داخوازی لە پێشدایە یان پێشەمیی بە کامیان بدرێت؟ کام داخوازییان و چۆن دەبێ بچێتە ئەجێندای کاریی بزووتنەوەکەوە؟ ئەمانە کۆمەڵێک پرسیارن کە بەردەوام کاتی گەیشتن بە باسێکی پێوەندیدار بە دۆخی ژنانەوە دێنە ئاراوە و قەتیش وەڵامێکی جێمتمانەیان پێ نەدراوەتەوە. بەڵام هەروەک لەم وتارەدا چەندین جار

ئاماژەی پێدراوە توێژینەوە لەم بوارەدا پێویستی بە دەرکی شوناسی ستەمە چەند ڕەهەندییەکانە، دەرکی شوناسیش کارکردنێکی هەمەلایەنە و پەڕگیر داوا دەکات کە لە لایەکەوە پێداویستییەکانی بەشی تیۆریکی بابەتەکە دابین بکات و لە لایەکی دیکەشەوە بە پەروەردەیەکی وەهاوە کاری کردبێت کە لە پراکسیس و کردەوەشدا هەست بە کەموکوڕییەکی ئەوتۆ نەکرێت. بەداخەوە کورد لەم بوارەدا نەک هەر کەمکار بگرە خەمساردیش بووە. ژنی کورد لە نەبوون و فێقدانی گەلێک پاڕامێتری زەروور بۆ ڕەخساندنی مەیدانێکی گونجاو بۆ کارابوون و خۆ پێناسەکردن، دەتوانین بڵێین هیشتا تەنانەت نەکەوتووەتە سەر ڕێگای سەرەکیی کارکردن لەسەر ئەم تیۆرییە. ژنی کورد هێشتا نەیتوانیوە خاوەنی دیسکۆرسی تایبەت بە خۆی بێت، بەردەوام کەوتووەتە پەڕاوێزی حیزب و ڕێکخراوەکانەوە و هەر ئەمەش وای کردووە کە نەکرێ هاوپەیمانییەکی گشتگر لە هەموو ئەوانەی وەک "ژنی کورد" پێناسەیان بۆ کرا، پێک بێنێت یاخود کۆڕ و کۆنفڕانسێکی گشتی و هەمەلایەنە کە بکرێ بۆ دەستکەوت و مانیفێستی بگەڕێینەوە، ببەستێت. دیالکتیکێکی بزۆز لەنێوان "ژنی کورد"دا بەدی ناکرێت. فێمینیزم یەکەم ڕێبازێکی فیکرییە کە هەموو کورد، بۆ دژایەتیکردنی، یان لانی کەم بۆ هەوڵنەدان بۆ تێگەیشتن و پەرەگرتنی، لەسەری کۆک و هاوڕان. ئەنجامی ئەم ڕوانگانەش بێگومان گرنگینەدان بەو مێکانیزمانەیە بۆ گەشە و پەرەی هەر تەوەرێک پێویست و زەرووره. چوارچێوەیەکی تیۆریک لەم بوارەدا بۆ کورد دابین نەکراوە. ئەمەش بە نەبوونی بەرچاوی کاری فیکری و کولتووری لەم بارەوە دەسەلمێندرێت. کەم تا زۆر دەتوانین بڵێین زیاتر لە ٩٩٪ی دەقە فێمینیستییە کاریگەر و جیهانییەکان وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. هیچ گۆڤارێکی تایبەت بە ژنان کە پسپۆڕانە بپەرژێتەر سەر ئەو مژارە کارا نییە و یان گەر بوونێتیش لە چەند ژمارەیەک زیاتری نەخایاندووە. بەرەیەکی هاوبەش کە زۆربەی زۆری لایەن و ناوەندەکان بگرێتەوە پێک نەهاتووە و قەت بابەتی "ژنی کورد" نەچۆتە ڕۆژەڤەوە، لە ئاقارێکدا کە هیشتا گومان لە بوونی خۆی دەکرێت، بازنەی وشە تایبەتییەکانی هێشتا ئەوەندە بەرتەسکن، گومان لە بەکارهێنانیان لە شوێنی ڕاستی خۆیاندا دەکرێت وخاوەنی ناوی وەک دەگوترێ بیرمەند وئەکتیڤیستی ڕاستەقینە نین و ئەوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن تەنها بە ناوی هەڵسووڕاو و چالاکەوە ناو دەبرێن، لە جوگرافیایکدا کە زمانی ژنی لە زمانی شێعر تێنەپەڕیوە و ئەندێشەیەکی پشتبەستوو بە زانست و مەعریفەی بەسوود لە مەڕ ژنان تێیدا ڕەگی دانەکوتاوە، ئەستەمە چاوەڕێی سەرهەڵدانی دەستبەجێی کارکردن بە تۆرییەکی وەک ئینتێرسێکشناڵیتی بکەین.

هەموو ئەمانە و گەلێک تەوەری دیکە کە دەکرێ وەک بەربەستی سەر ڕێگای ئینتێرسێکشنالێتی بۆ ژنی کورد ناویان ببەین، لە حاڵێکدایە کە لەوانەیە زۆربەمان گوێبیستی ئەم بابەتە بووبێتین کە ژنی کورد بەراورد بە ژنانی دیکە ئازادتر و لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی کراوەتردا دەژی، سەربەخۆترە و تەنانەت ڕەنگە بگوترێ ژنی کورد لە پەڕاوێزدا نییە و چەندین هۆکار و شایەتحاڵیش بۆ ئەم وتە پێشکەش بکرێت. بەڵام لە وەڵامدا دەبێ بڵێین ژنی کورد بەردەوام لە چەندین کلێشەی بەڕواڵەت پارێزەری مافەکانی و لە بنەڕەتدا دوورخەرەوە لەو هەوڵ و پراکتیکەی پێویستە پێی بگات، لە قاڵب دراوە. ئاشکرا کردنی ئەو داڕێژگەیەی ژنی کوردی تێدا یەخسیر کراوە، دەبێتە یەکێکی دی لە مەبەستەکانی ئەو ڕێگایەی لەم وتارەدا بە جەختەوە باس کراوە. دۆخی ژنی کورد هەم بەراورد بەو نەتەوانەی لە ڕووی جوگرافیاییەوە لێی نزیکن و هەم بەراود بە ئەزموونی ژیانکردی لەگەڵ پیاوی کورد، خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ناوازەیە کە ڕێگە بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەی ئینتێرسێکشنالێتی دەکاتەوە. لە لایەکەوە دەگوترێ ژنی کورد لە چاو ئەو ژنانەی ئاماژەیان پێدراوە لە ماف و ئازادیی زیاتر بەهرەمەندە و تەنانەت بە جۆرێک لە پێداهەڵگوتن و بە شان و باڵدا هاتنیش وەسف بکرێت؛ یەک جلی کوردیی پیاوانەی لە بەر بکات و یەک بە ناوی "تەوار"ەوە بیناسێنێت و تەلار و تاوەری بە ناوەوە بکات. بەڵام ئەم وەسفکردن و ناساندنە لۆکاڵییەش گەر نەچێتە خانەی مەعریفە و تیۆرە فیمینیستییەکانەوە، هیچ دادێک بە ژنی کورد نادات.

## ئەنجام

سیاسەتی شوناس و تیۆریی ئینتێرسێکشنالێتی بەهۆی ئەو پارادۆکسە واقیعییانەوە هاتوونەتە ئاراوە کە ژنانی ڕەنگین‌پێست لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی سەدەی ڕابردوودا لە ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا ئەزموونیان کردووە. ئەم تیۆرییە بەرانبەر بە خەبات دژی زنجیرەپلەییبەکانی دەسەلات و پاوانخوازیی فیمینیستی، خۆی بە بەرپرس دەزانێت و بۆ ئەم مەبەستەش، وەک ئالتەرناتیڤ و ڕێگەچارە، جەخت لە "فرەڕەهەندی"ی ئەزموونی ژیانکردی تاکەکانی پەراوێزی کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی دەنگ و ئەزموونەکانیان دەکاتەوە. نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستا، ئینتێرسێکشنالێتی هۆگری خاڵێکی یەکتربڕی تایبەت بووە: بەریەککەوتنی ئەتنیسیتی و ڕەگەز. هەروەها ئینتێرسێکشنالێتی ڕێگایەکی تایبەت بۆ تێگەیشتن لە پێگەی کۆمەلایەتییە لە سیستەمەکانی ستەمی یەکتربڕ و فرەلایەندا. ئینتێرسێکشنالێتی بەتایبەت ڕاڤەیەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە سیستەمەکانی هەلاواردنی نیژادی، چینە کۆمەلایەتییەکان، ڕەگەزی، سێکسوالێتی، کەمینەیی، نەتەوایەتی و تەمەن لە تایبەتمەندییەکانی بونیادی دوولایەنەی ڕێکخراوە کۆمەلایەتییەکانە کە ئەزموونەکانی ژنی کورد بەئاسانی تێدا جێگیر دەبێت و لە ڕاستیدا ژنی کورد ەتوانێ دەنگ و شێوازێکی تازەی پێببەخشێت. ئێستا کە ئینتێرسێکشنالێتی خۆی گۆڕاوە بۆ پڕۆژەیەکی فیکریی جیددی و بووە بە ئامرازێکی بەهێز بۆ دەرخستنی دەنگی پەراوێزنشینان، ئەو بەرپرسیارێتییە دەکەوێتە ئەستۆی توێژەرانی بواری ژنان بە گشتی و بواری ئینتەرسێکشنالێتی بە تایبەتی کە تیۆریزەکردنی دۆخی ژنی کورد بکەنە ئامانجی خۆیان و بە شێوەی بنچینەیی هەوڵ بۆ توێژینەوە و لێکدانەوەی ئەم تیۆرییە بدەن. ڕوونە کە ژنی کورد لە بەر ئەوەی وەک بەرەیەکی زۆر دیار لەو ژنانەی لێکئالاویی هەموو جۆرەکانی هەلاواردن و ستەم ئەزموون دەکەن،هاتۆتە ناسین، بێگومان گەر بە ڕێگایەکی کاریی دروست و بەجێدا ڕێ بکات، دەتوانێ داهاتوویەکی بەسوود و کاریگەر بە نیسبەت ئەم تیۆرییەوە بۆ خۆی دەستەبەر بکات.